گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی فێربوونی ئۆنلاین لە لای قوتابیان

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ئامادەییە نێودەوڵەتییەکانی شاری هەولێر)

**گەلاوێژعبدالله نبی**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Galawezhnaby3@gmail.com

**پ.ی.د.عزالدین عبدالصمد رسول**
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Izaddin.rasool@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/٣
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨//٦
بلاو کردنەوە:پاییز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**
ووشە فێربوون، فێربوونی ئۆنلاین، ئامێرەکانی پەیوەندی، ئامادەییە نێودەوڵەتییەکان.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.29

**پوختە**

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاو ئامێری دیجیتاڵی بەگشتی سەراپای ژیانی مرۆڤی گرتۆتەوە و ئاکامی زۆری هەبووە لە سەر کۆمەڵگا بەگشتی و بە تایبەتیش گۆڕانی گەورەی لە پەروەردە دا دروستکردووە و چینی هەرزەکاران و گەنجان و قوتابیان پرپشکی گەورەیان لەم گۆڕانکارییە بەرکەوتووە بە جۆرێک پەروەردە وەک سێکتەرێکی ئابووری و داهات و سامان دەردەکەوێت، ئەمەش ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی لێ کەوتۆتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی فێربوونی ئۆنلاین لە لای قوتابیانی ئامادەییە نێودەوڵەتییەکان لە شاری هەولێر. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چەندایەتی بەکارهاتووە، لە ڕێگای پشت بەستن بە ئامرازی پرسیارنامە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە هەموو ئەو قوتابیانەی کە لە قۆناغی ئامادەیی قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانی شاری هەولێر دەخوێنن لە قۆناغەکانی(10-11-12)ئامادەیی، سەبارەت بەجۆرو قەبارەی نموونە، پشت بەستراوە بە نموونەی هەڕەمەکی هێشوویی بەقەبارەی(325)قوتابی. ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەخەنە ڕوو،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فێربوونی ئۆنلاین ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەرێنی و نەرێنی هەیە لە لای قوتابیانی ئامادەییە نێودەوڵەتییەکانی شاری هەولێر، هەروەها فێربوونی ئۆنلاین و زۆر مانەوە لە بەردەم شاشەی ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان هۆکارێکن بۆ کەمبوونەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خێزان و هاوڕێیان و هەستکردن بە تەنیایی. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا گەیشتووین بەو ئەنجامەی کە لەم ساڵانەی دوایدا گرنگی زۆر دراوە بە فێربوونی ئۆنلاین بەشێک لە قوتابیان کەرێژەی لە (56.60%) فێربوونی ئۆنلاین بەکاردەهێنن و پشتی پێدەبەستن.

## پێشەکی

پەروەردە ناسی یان زانستی پەروەردە بابەتێکی هەمیشە زیندوو و بوارێکی فراوانی ژیانی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکە بە جۆرێک هیچ کۆمەڵگایەک نابینین کە بەرکەوتنیان لەگەڵ پەروەردە نەبێت، تەنانەت لە دامەزراوە بچوکەکەی ناو کۆمەڵگا کە خێزانە بۆ گەورەترینیان کە حکومەتە بەدەر نین لە مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پەروەردە(عەزیز2017،5).پسپۆڕانی بواری پەروەردە هەریەکەیان بە جۆرێک لە جۆرەکان پەروەردە و فێربوون بە گرنگ دەزانن. دەتوانین بڵێین کە فێربوونی ئۆنلاین ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گشتی بە دەستهێنانی زانیاری یان لێهاتوویی لە ڕێگەی پلاتفۆرمە دیجیتاڵیەکانەوە، بەشداریکردن لە خولی ئۆنلاین، سەیرکردنی وتارەکان، بەشداریکردن لە گفتوگۆکان، تەواوکردنی ئەرکەکان و وەرگرتنی فیدباک لە خۆدەگرێت.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بوارە فێرکارییەکان گواستنەوەیەکی بەرچاو و خێرایان بەخۆوە بینی، بە تایبەتی بە هۆی گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەم دوو هۆکارە سەرەکیە بە شێوەیەکی هەماهەنگ ڕۆڵی گرنگیان لە گۆڕینی ڕووکاری فێرکارییە فەرمی و نافەرمی لە جیهاندا هەبووە، فێریوونی ئۆنلاین بە شێوەیەک پەیوەندیدارە بە پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان، بەوپێیەی ئەم جۆری فێربوونە یەکێکە لەپایە گرنگەکانی گەشەپێدانی مرۆیی، کە بە بەکارهێنانی پلاتفۆرمە فێرکارییەکان و بەرنامەی جۆرا و جۆر و ڤیدیۆچات،وەک(Google Classroo،وMicrosoftTeams،Zoom)ئەنجامدەدرێت(بوستي

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وآخرون182،2023). پێش ئەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا به تەواوی جیهاندا بڵاوببێتەوە، ئەم جۆری فێربوونە زیاتر وەک پشتیوانی بوو بۆ ئەوانەی کە ماوەیەکی زۆر لە خوێندن دابڕابوون یان تەمەنیان جیاوازبوو بە بەراوورد بە قۆناغی خوێندنیان، بەڵام پاش بڵاوبوونەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا، فێربوونی ئۆنلاین گەیشت بە ئاستی فێربوونی ئاسایی لە ناوخۆی وڵاتان و و جیهان بەگشتی و بووە بە یەکەم بژاردەی فەرمی کە تائێستاشی لەگەڵدا بێت لە بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکا ئەم جۆری فێربوونە پەیڕەودەکرێت، بەتایبەت لە قوتابخانە نێودەدوڵەتییەکان کە ئەو قوتابخانانەن خوێندن بەزمانی ئینگلیزیە و لەزۆربەی وڵاتانی جیهان لقیان هەیە بەتایبەت لەماوەی(20)ساڵی ڕابردووداگەشەیەکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیووە نزیکی(8257)هەزار جۆر قوتابخانەی نێودەوڵەتی هەن لە جیهاندا (Bunnell 2017,3)، ئەم قوتابخانانە کاردەکەن بۆ گەشەپێدانی پەروەردەی نێودەوڵەتی و ئاڵوگۆڕی کوولتوورەکان لەنێوان وڵاتە جیاوازەکان بەتایبەت وڵاتانی ئەوروپی(McGladdery etal.,2017,4)،تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش لە ئەنجامی بە دواداچوونمان بۆ ئەم بابەتە بۆماندەرکەوت بەشێکی زۆری قوتابخانە ناحکومییەکان بە تایبەت نێودەوڵەتییەکان کە ڕاستەوخۆ سەربەوەزارەتی پەروەردەن گرێبەستی تایبەت دەکەن لەگەڵ کۆمپانیای جۆرا و جۆری فێربوون لە جیهاندا لینکی هاوبەشیان دەبێت لەگەڵ پرۆگرامە جیهانییەکانی وەک(CAMBRIDGE,College Board SAT AP, Microdoft Raz-kids,RICH BOOK, ISO , JUPITER,City&Guilds).

سەرەڕای ئەوەی فێربوونی ئۆنلاین شتێکی نوێ نەبوو، بەڵام ئەو پێشکەوتنەی بە خۆیەوە بینی ڕووناکییەکی نوێ بوو بۆ بەردەوامی فێربوون. دەتوانین گرفتی توێژینەوەکەمان بخەینە ڕوو بپرسین ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی فێربوونی ئۆنلاین لە لای قوتابیانی ئامادەییە نێودەوڵەتییەکان چیە؟ ئاست و شێوازەکانی فێربوونی ئۆنلاین لەپرۆسەی خوێندندا چۆنە؟ ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی فێربوونی ئۆنلاین لەسەر پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانی قوتابیان چییە؟ لەبەر ڕۆشنایی ئەو گرنگییەی کە قوتابی لە کۆمەڵگادا هەیەتی ئەوا دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەدوو لایەنەوەیە دیاری بکەین، لەڕووی تیۆرییەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە هەوڵدانێکی زانستییە بۆ دەستنیشانکردنی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی فێربوونی ئۆنلاین لەلای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی لە ئامادەییە نێودەوڵەتییەکانی شاری هەولێر.دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی بۆ بۆ ئەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

توێژەرانەی لەداهاتوو دەیانەوێت لەم بوارەدا کاربکەن و توێژینەوە ئەنجام بدەن. لە ڕووی پراکتیکیەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە فێربوونی ئۆنلاین بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی پەروەردەی فەرمی و نافەرمی، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی فێربوونی ئۆنلاین ئاڕاستەی ئەم جۆری فێربوونە لە لای قوتابیانی ئامادەییە نێودەوڵەتییەکان لەهەرێمی کوردستان دیاریدەکات کە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی یەکێکە لە قۆناغە گرنگ و هاستیارەکانی قوتابی، قوتابی لەم قۆناغەدا هەست بەسەربەخۆیی دەکات و حەزدەکات بڕیارەکانی ژیانی لە دەستی خۆی بن چونکە پێی وایە قۆناغی منداڵی تێپەڕاندووە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ تێگەیشتن لە ئاکامە کۆمەڵایەتییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی فێربوونی ئۆنلاین لەسەر قوتابیانی ئامادەییە نێودەوڵەتییەکانی شاری هەولێر.هەروەها ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی گەیشتنە بەم ئامانجانەی خوارەوە:

1.زانینی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی فێربوونی ئۆنلاین لە لای قوتابیانی ئامادەیی لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانی شاری هەولێر.

2. دیاریکردنی ئاست و شێوازەکانی فێربوونی ئۆنلاین لەپرۆسەی خوێندندا لای قوتابیانی ئامادەیی.

3..زانینی ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی فێربوونی ئۆنلاین لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی قوتابیانی ئامادەیی. ئەم توێژینەوەیە لە چەند تەوەرەیەک پێک دێت،. لەتەوەرەی یەکەم گرنگترین چەمکەکانی توێژینەوەکەمان خستۆتە ڕوو. لەتەوەرەی دووەم باس لە مێژووی فێربوونی ئۆنلاین دەکەین، لەگەڵ لایەنە ئەرێنی ونەرێنییەکانی فێربوونی ئۆنلاین. لە تەوەرەی سێیەم پاشخانی تیۆری توێژینەوەکەمان باس کردووە.لەتەوەرەی چوارەم میتۆدی توێژینەوەکە وکۆمەڵگای توێژینەوەکە و گریمانەکانی توێژینەوەکەمان خستۆتە ڕوو.لە تەوەرەی پێنجەم زانیارییەکان و داتاکانمان خستۆتە ڕوو گریمانەکانی توێژینەوەکەمان تاقیکردۆتەوە. لە تەوەرەی شەشەم و کۆتایی ئەنجام وپێشنیازو ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکەمانە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1- چەمکەکانی توێژینەوەکە: لەم تەوەرەدا باس لە چەمکەکانی فێربوون، فێربوونی ئۆنلاین و ئامێرەکانی پەیوەندی کردن دەکەین.

### 1-1. فێربوون (Learning):

لە ڕووی زاراوەییەوە فێربوون واتە ئاگاداریکردن، ئاڕاستەکردن، پاراستن، ڕێنماییکردن، فێرکردن، ڕاهێنان و گونجاندنی کەسێک یان شتێک، لەگەڵ ژینگەی جۆرا و جۆر و پێکهاتە هەمەچەشنەکانیدا تا دواین سنوری تەواوکاری کە لە توانادایە(ئالانی2015،26)، لە لایەکی تر پێناسەی فێربوون کراوە کە کردەی فێربوون و فێرکردنی پەروەردەییە و لەسەر بنەمای کارلێکی کۆمەڵایەتی بونیاد دەنرێت، ئامانجیش ئەوەیە تاک ڕەفتار و پێوەر و خولیا و ئاڕاستەی گونجاوی هەبێت، کە توانای ئەوەی پێدەبەخشێت لەگەڵ کۆمەڵ بگونجێت و هەماهەنگی و گونجانی کۆمەڵایەتی لەگەڵدا بەرقەراربکات و تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی بە ژیانی کۆمەڵایەتی فەراهەم بکات(معاویتە 2013،105)، هەروەها ئامانج لە پەروەردە و فێربوون گۆڕینی هەڵسو کەوت و شێوازی مامەڵەکردنی فێرخوازە لە کۆمەڵگادا، بە هەمیشەیی و بەردەوام نەک هەرخوێندنەوە و نوسین، بۆ ئەمەش چەندین میتۆد بەکار دەهێنرێت بە شێوەی تاک یان کۆمەڵ، بەگوێرەی پێداویستیەکان و بارودۆخی پەروەردەیی (الخزاعلة 7،2015).

پێناسەی ڕێککاری بۆ فێربوون: فێربوون پرۆسەیەکە کە تەنیا خوێندن ناگریتەوە، بەڵکو دەوروبەر و کۆمەڵگا و ژینگەی تاک خۆی، کاریگەریان هەیە لەسەری، کە دەتوانین بڵێین فێربوون دەبێت بە دووبەش فەرمی و نافەرمی، فەرمیەکان دامەزراوە پەروەردەییەکان دەگرێتەوە، نافەرمیەکانیش گروپە کۆمەڵایەتییەکانی ناوکۆمەڵگا دەگرێتەوە وەک (خێزان وگروپی هاوڕێیان).

### 2-1. فێربوونی ئۆنلاین(Online Learning)

فێربوونی ئۆنلاین بە یەکێک لە دەرکەوتەکانی گەشەپێدان و داهێنانی پەروەردەیی دادەنرێت، کە تایبەتمەندییەکانی لە سەددەی ڕابردوو دەست پێکراوە ئەم جۆری فێربوونە دەرفەتی پەوروەردەیی زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ تاکەکانی ناوکۆمەڵگا، کە نەیانتوانیوە بە هەر هۆکارێک بێ سوودمەندبن، لەم دەرفەتانەی کە فێربوونی ئاسایی ڕەخساندویەتی، فێربوون لەدورەوە زاراوەیەکە، کە

هەمووشێوازەکان لە خوێندن و هەموو قۆناغە پەروەردەییەکان لە خۆدەگرێت، بەبێ ئەوەی مامۆستایان لەگەڵ قوتابیان لەناو پۆلە ئاساییەکان ئامادەبن(منصور 265،2021)، لە پێناسەیەکی تردا هاتووە فێربوونی ئۆنلاین، پێکهاتووە لە چوارچێوەیەکی تیۆری فێربوون و پەیوەندی کردن و زانیاری، پەرەپێدان بە سیستەمی فێربوونی ئەلکترۆنی سیستەمە پەروەردەییە نوێیەکانە، بە بەکارهێنان و تێکەڵکردنی تەکنۆلۆژیا لەگەڵ ژینگەی پۆل و بەکارهێنانی پلاتفۆڕمە ئۆنلاینەکان بۆ فێربوون، بە هاوکاری ئامێری دیجیتاڵی وەکو (کۆمپیوتەر،تابلێت،مۆبایلی زیرەک و پۆدکاست) (الخزاعلة 2015، 10)، یا خود فێربوونی ئۆنلاین هەوڵێکە بۆ پەیوەندیکردن لە نێوان مامۆستاو فێرخواز لە دوورەوە لە ڕووی شوێنی جوگرافی، لە ڕێگەی بەرنامەی پەروەردەیی یان ڕاهێنانەوە وەک (ئینتەرنێت، پلاتفۆرم، کۆمپیوتەر و کەناڵی تەلەفزیۆنی و ئیمێل)(موسى وآخرون 2016،177).

پێناسەی ڕێککاری بۆ فێربوونی ئۆنلاین: لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە فێربوونی ئۆنلاین پرۆسەیەکی گشتی بە دەستهێنانی زانیارییە بە شێوازێکی مۆدێرن لە لای قوتابیانی ئامادەییە نێودەوڵەتییەکانی شاری هەولێر کە لەڕێگەی پلاتفۆڕمە دیجیتاڵییە جۆراوجۆرەکانی فێربوونی ئۆنلاین کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ قوتابخانەکانیان لینکی هاوبەشیان هەیە یاخود قوتابی خۆی لەڕێگای تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی و ئینتەرنێتەوە بەدەستی دێنێت، دەرفەتی فێربوون لە دوورەوە و بە شێوەیەکی گونجاو بۆ فێرخوازان دەڕەخسێنێت، بەبێ ڕەچاوکردنی شوێنی جوگرافی ، کات و تەمەنی فێرخواز.

### 3-1. ئامێرەکانی پەیوەندی کردن

مەبەست لە ئامێرەکانی پەیوەندی کردن ئەو ئامێرە تەکنیکی، ماددی، هەواڵ و هونەری و ئەدەبی و زانستیانەن کە دەبنە هۆی دروستکردنی پەیوەندی جەماوەری بۆ خەڵک، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی پرۆسەی کارلێکی کولتووری کۆمەڵگادا، جا ئەو ئامرازانە دەنگی بن یان بینراو یان بیستراو، کاریگەریەکەشیان هەم ئەرێنیە هەم نەرێنی(العودة 10،2001)، هەروەها ئامێرەکانی پەیوەندی کۆی ئەو تەکنیک و ئامراز و تەکنۆلۆژیا و سیستەمە جۆراوجۆرانە دەگرێتەوە کە پرۆسێسکراون و مەبەست لێی پەیوەندیکردنە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان تاکەکانی قەوارە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جیاوازەکان، بە ڕێگەی گواستنەوەی جیاواز وەکو شەپۆلی دەنگ و ڕوناکی و کارۆموگناتیسی (طاحون 2017،3)، لە لایەکی تر ئامێرەکانی پەیوەندی کردن بە ئامرازێکی بنەڕەتی تێگەیشتن دانەنرێت و دەبێتە هۆی کارلێکی کۆمەڵایەتی، بە شێوازێکی گرنگی گواستنەوە و دروستکردنی پەیوەندی دادەنرێت، بەتایبەت لەگەڵ پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندی دیجیتاڵی ئەو کارلێک و پەیوندییە زیاتر بووە(سکر 4،2011).

پێناسەی ڕێککاری بۆ ئامێرەکانی پەیوەندی کردن : ئەو تەکنۆلۆژیا و سیستەمانەن کە بۆ گواستنەوە، وەرگرتن و گۆڕینەوەی زانیاری بەکاردەهێنرێن لە نێوان فێرخوازو فێرکاردا بەمەبەستی فێربوون ، ئەمانە بریتین لە ئامێرەکانی وەک: تەلەفۆن، کۆمپیوتەر، تابلێت. تۆڕەکان وەک: تۆڕی ئینتەرنێت، تۆڕی مۆبایل، سەتەلایت و بەرنامەکان: وەک ئیمەیڵ، چات، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئامانجی سەرەکی ئەم ئامرازانە بریتییە لەخێراکردنی گەیاندنی زانیاری و باشترکردنی کوالێتی پەیوەندی، کەمکردنەوەی بەربەستە جوگرافی و کاتییەکان.

پێناسەی ڕێککاری بۆ ئامادەییە نێودەوڵەتییەکان:لەم توێژینەوەیەدا ئامادەییە نێودەوڵەتییەکان ئەو قوتابخانە ئامادەییە نێودەوڵەتییانەن کەقۆناغەکای ( 10-11-12) ی بەشی زانستی لەخۆدەگرن، زمانی فەرمی خوێندن لە زۆربەی قوتابخانەکان زمانی ئینگلیزیە و گونجاون بۆ قوتابیانی کورد و بیانی، ئەو قوتابخانانە پابەندن بە پرۆگرامێکی زانستی نێودەوڵەتی و بەرزترین ستانداردی فێربوون بەکاردەهێنن و قوتابیان ئامادە دەکەن بۆ زانکۆ و جیهانی کار.

## 2- مێژووی فێربوونی ئۆنلاین و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی فێربوونی ئۆنلاین:.

1-2. مێژووی فێربوونی ئۆنلاین: ئەگەر باسێک لە مێژووی فێربوونی ئۆنلاین بکەین مێژوویەکی دێرینی هەیە، دەتوانین بڵێین کە فێربوونی ئۆنلاین لە سەردەمی مۆدێرن دەستی پێ نەکرد، بەڵکو زیاتر لە دوو سەد ساڵ دەبێت، سەرەتای ساڵی( 1729) لە لایەن کالیب فلیپس (Caleb Philips) بوو کاتێک لە ڕێگای ڕۆژنامەی (بسطن جازیت) حەفتانە وانەی پێشکەش دەکرد. لەساڵی(1922)کاتێک زانکۆی بە ناوبانگی پێنسیلڤانیا دەستیکرد بە پێشکەشکردنی ژمارەیەک کۆرس لە ڕێگای ڕادیۆوە، پاشان تەلەفزیۆن، پاشان زانکۆی ستانفۆرد دەستپێشخەرییەکی بە ناوی (

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(The Stanford Instructional Television Network ئەم جۆرە فێربوونە لە کاتی خۆیدا پێی دەگوترا پەروەردەی نامەنووسی (وطفة 2021،70)، بەم شێوەیە بەردەوام بوو هەتا ساڵی 1979 لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیدا کە لە شاری بێرمینگهام لە وڵاتی بەریتانیا بەڕێوەچوو باسیان لە وەکرد کە ئەوجۆرە پەروەردەییەی کە هەیە چیتر وەڵامی دونیای مۆدێرن ناداتەوە بۆیە دەبێت گەشەی پێبدرێت و گۆڕانکاری تێدا بکرێت (علی 406،2021)، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا ئەم جۆرە پەروەردەیە بەردەوام پەرەی سەندووە ئەمەش وای کردووە فێربوون بگوازرێتەوە بۆ فێرخواز لە هەرشوێنێک بێت، لە شوێنی نیشتەجێبوونیان، کارەکەی، لە بری قوتابخانە یان دامەزراوەی پەروەردەیی (بیتس 33،2007).

2-2. لایەنە ئەرێنییەکانی فێربوونی ئۆنلاین: پسپۆڕانی بواری پەروەردە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە گرنگییەکی زۆر بە پرۆسەی فێربوونی ئۆنلاین بدرێ، چ فەرمی بێت یا خود نافەرمی واتە هەم ئەو فێربوونەی هاو واتایە لەگەڵ فێربوونی ئاسایی هەمیش فێربوونێک کە نافەرمی بێت فێرخواز وەک حەز و خولیا و بە مەبەستی دەستکەوتنی کار یان فێربوونی زمان سوودی لێوەربگرێت، گومانی تێدانیە کە پاساوی زۆر هەیە بۆ ئەم جۆرە فێربوونە کەزەحمەتە بتوانین لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بە هەموویان بکەین، بەڵام دەتوانین گرنگترین سودەکانی فێربوونی ئۆنلاین لە چەندخاڵێکدا بخەینە ڕوو:

1- فێربوونی ئۆنلاین دەرفەتی خوێندن بۆ هەموو قوتابیان دەڕەخسێنێت، بە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکەکەسی نێوان فێرخوازان و تواناپێدانیان بۆ تەواوکردنی پرۆسەی خوێندن لە ژینگەیەکی گونجاو بۆیان. هەندێک لەو توێژینەوانەی کە ئەنجام دراون  ئاماژەیان بەوە کردووە کە فێربوونی ئۆنلاین یەکسانە بە فێربوون لە ناوپۆل یان باشترە ( مذكور 243،2005).

2- برە پارەیەکی زۆری تێ ناچێت بۆقوتابی، ڕێکخستنی بابەتەکان و پرۆگرامەکانی خوێندن و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن بە پێی توانای قوتابیانە (الحربی وآخرون  149،2022).

3- دەستکەوتنی چەندین سەرچاوەی زانیاری لە ئەنجامی پەیوەستبوون بە ماڵپەڕە جیاجیاکانی نێو ئەنتەرنێت.ئامێرە دیجیتاڵیەکان و ئامێرە کەسیەکان و مۆبایل دەبنە هۆی دروستکردنی پردێک لە دابەشبوونی دیجیتاڵی و دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنەراندا (عبدالحی 125،2005).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- دەتوانرێت تەکنۆلۆژیا بەکاربهێنرێت و یارمەتیدەربێت بۆ ئەو فێرخوازانەی کە ڕووبەڕووی کێشەی فێربوون دەبنەوە، چونکە دەتوانی چەند جار بتەوێت دوبارەی بکەیتەوە زۆر بەئاسانی(الکمیشی 47،2020).

5-دابینکردنی هەلی کاری جۆرا و جۆر لە ڕێگای بە دواداچوون بە ماڵپەڕە جۆراوجۆرەکان( سبحی 34،2022).

6- دروستکردنی ژوری دیالۆگ و کۆکردنەوەی قوتابیان و مامۆستایان، ئەمەش دەرفەتێکی زیاترە بۆ قوتابیان بۆ گفتوگۆکردن و تێگەیشتن لە ماددەکان، چونکە کەمی کات لە پۆلەکاندا ڕێگری دەکات لە پێدانی دەرفەتی بەشداریکردنی قوتابیان بەهەمووان وەک یەک لە لایەن مامۆستاوە بۆ پرسیارکردن و ڕوونکردنەوەکان (احمد 2021،275). ئەگەر ئێمە باس لە فێربوونی ئۆنلاین بکەین لە هەرێمی کوردستان بەگشتی بەکارهێنەرانی فێربوونی ئۆنلاین تاڕادەیەکی زۆر ڕوویان لە زیادبوون کردووە بە تایبەت بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، هەروەها لە دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا کە دەرگای قوتابخانەکان و زانکۆکان بە تەواوی داخران و فێربوون بوو بە ئۆنلاین لە ڕێگای تۆمارکردنی وانەکان لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و دواتر ناردنیان بۆ لینکی تایبەت بە قوتابخانەکان و دروستکردنی ژمارەی سریاڵ بۆ قوتابیان، کە تا ئێستاش ئەو وانانە بە تۆماکراوی ماون و بەردەوام شتی تازەتر زیاد دەبێت بۆی وەک بە دواداچوون بۆ ئاستی زیرەکی قوتابیان لە لایەن کەس و کاری قوتابی و بوونی نمرەی تەواوی ساڵاکانی خوێندنی قوتابی و زانیاری تەواو لەسەر قوتابی لەو ئەکاونتەی کەباسمانکرد لەئەپێکی تایبەت بەناوی(E-Halsangandn)، هەروەها قوتابیان زۆربەی جار پەنا دەبەنە بەر فێربوونی ئۆنلاین بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە فێربوونی ئاسایی دروستی کردووە وەک کاتێک قوتابی لە وانەکان گرفتی تێگەیشتنی هەیە پەنا دەباتە بەر پلاتفۆڕمە جیاوازەکانی فێربوونی ئۆنلاین کە بەدڵنیاییەوە سەرجەم وانەکان بە شێوەیەکی زۆر جوان لە لایەن مامۆستای جیاوازەوە باس دەکرێن، یاخود قوتابیان کۆرسی فێربوونی ئۆنلاینی تایبەت بە مامۆستایەک دەکڕن بە پارە لەکەناڵێکی تایبەت بە مامۆستاکانی بابەتە جیاوازەکان بە ناوی ئاربی کلاس( RBCLASS ) بۆ فێربوونی نافەرمیش دەتوانین بڵێین کە لە هەرێمی کوردستان فێربوون بە شێوە گشتییەکەی گۆڕانی زۆری بە خۆیەوە بینیووە و خەڵک زۆر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە دەکەن، دەبینین کە خێزانەکان لە تەمەنێکی کەمەوە هەوڵدەدەن کۆرسی جیاواز و زانستی بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

منداڵەکانیان بکرن وەک کۆرسی تایبەت بە ( زمان، پیشەیی و هونەری )لەسەرانسەری جیهان کە زۆرجار ئەمە دەبێتە هۆکارێک یان رێگایەک بۆدروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی جیهان و دەستکەوتنی هەلی کارو هەلی خوێندنی باش بۆقۆناغەکانی داهاتووی قوتابیان .

2-3. لایەنە نەرێنییەکانی فێربوونی ئۆنلاین: لای هەمووان ئاشکرایە کە تەکنۆلۆژیا سودێکی یەکجار زۆری هەیە لە ئاسانکاری گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی زانیاریدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ترسێک هەیە لە چۆنیەتی بە کارهێنانی ئەم ئامێرانە و ئاکامە لاوەکییەکانی لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی و قوتابیان بە تایبەتی، لە بڵاوکردنەوەی ئەم کردەوە و کارە نەشیاوانەی کە لەگەڵ یاسا و دابو نەریت و ئەخلاق و ئەتەکێتی گشتی کۆمەڵگاکەدا یەک ناگرنەوە وەک ناو زڕاندن و هێرشی ئەلکترۆنی و بڵاوکردنەوە و ناردنی زانیاری تێکدەر، ئەمە جگە لە حاڵەتەکانی هاککردن و چونە ناوەوەی نایاسایی کۆمپیوتەری بەشداربووانی تۆڕ کە دەبێتە هۆی دزە کردن و دزینی زانیاری کەسی یان دەستگەیشتن بە فایلەکان و بەبێ مۆڵەتی خاوەنەکانیان(وطفة2021،74).

لایەنی نەرێنی ئاکامە کۆمەلایەتییەکانی فێربوونی ئۆنلاین:

دەکرێت لایەنە نەرێنییەکانی فێربوونی ئۆنلاین دابەش بکەین بەسەر چەند بەشێک وەک:

1- لەڕووی کۆمەڵایەتی: 1-1.ئەو پەیوەندیانەی کە بە هۆی فێربوونی ئۆنلاین لە رێگای ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان دروست دەبن، بە بێ نزیکی فیزیکی و نەریتە کۆمەلایەتییە باوەکانی ناو کۆمەڵگا دەبێت(حمد 2011،115).

1-2.مۆدێلی ناسنامەی کۆمەڵایەتی: لەبەر ئەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەو جۆرە کارلێکانەدا ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو نیە دەتوانرێت ناسنامەی کۆمەڵایەتی نە ناسراو بەکاربهێنرێت ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی گەورە، هەروەها پەیوەندی جۆراوجۆر لە نێوان بەکارهێنەرانی(الدوسري 2024،427).

1-3.- دەتوانین یەکێکیتر لە ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی بە کارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندی لە فێربوونی ئۆنلایندا ببەستینەوە بە هەڵخەڵەتاندن لە تۆڕی دیالۆگ یان چات بۆ ڕاکێشانی قوتابیان لە خوار تەمەنی یاسایی کچ و کوڕ بە پەخشکردنی پەیام یان قسەی ناشایستە و هەندێکجار هاندانیان بۆ ئەنجامدانی تاوان (حمد2011، 113). زۆر بەکارهێنانی ئامێری تەکنۆلۆژی بۆ هەر مەبەستێک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بێت، بەکارهێنەرانی توشی کۆمەڵێک کێشە دەکات یەکێک لەو کێشانەش فشاری دەروونیە کە دەکرێت بەو جۆرە دەربکەوێت :

2- لەڕووی دەروونی:

(Psychological stresses) فشارە دەروونیەکان:ئەو فشار و کاردانەوانەن کە لای هەرکەسێک دروست دەبێت کۆمەڵێک کاردانەوەی فسیۆلۆژی بە دوای خۆیدا دەهێنێت لەوانە (گۆڕانکاری لە سیستەمی دەماری) زۆرجار بە هۆکاری جیاواز ڕوودەدەن وەک کاریگەری جەنگ، تیرۆر، میدیا، ئینتەرنێت، گۆڤار، ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆن، دوای ئەوەی فشارە دەروونیەکان گۆڕانکاری لەسیستەمی دەماری کەسەکە دروست دەکات و کاردەکاتە سەر ئەندامەکانی تری جەستە(Yang etal., 494 ,2015، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر سیستەمی دەروونی و جەستەیی کەسەکە و دەبێتە هۆی تێکچوونی هۆرمۆنەکانی لەشی دەرئەنجامەکانی دەردەکەون لەسەر جەستەی کەسەکە بە (خێرابوونی لێدانی دڵ، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، خێرابوونی هەناسەدان و گرژبوونی ماسولکەکان)لەسەردەروونی کەسەکەبە (دڵەڕواکێ، خەمۆکی، تورەیی، کێشەلەخەوتن و لەبیرچونەوە) دەردەکەوێت. زۆر بەکارهێنانی ئامێرە تەکنۆلۆژیەکان بۆ هەرمەبەستێک بێت خەمۆکی لای بەکارهێنەر زیاد دەکات بە هۆی ئەو دابڕانە کۆمەلایەتی و دەروونیەی کە هەیە، چونکە لەو کاتەدا تێکەڵبوونی کۆمەڵایەتی مەودای کەمترە، کە دەکرێت ببێتە هۆی کەمبوونەوەی هاوسۆزی و دووربوون لە پەیوەندی ڕاستەقینە(Hossain etal.,2021,2 )، هەروەها هەستکردنی قوتابیان بە گۆشەگیری و نەبوونی تێکەڵاوبوون لەگەڵ بابەتەکە و مامۆستایان (وطفة 2021،74)، لەلایەکی تربە هۆی نە بوونی کارلێک لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا قوتابی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە دابڕاوە، ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی دابڕانی دەروونی، (العوایشة 2021،20).

3-لەڕووی تەندروستی: هەندێک جار فێربوونی ئۆنلاین یان زۆر بەکارهێنانی ئامێرە تەکنۆلۆژییەکان دەبێتە هۆی گرفتی تەندروستی و ئالودە بوون بە ئامێرەکان وەک زیاد بوونی کێش بەتایبەت بۆ هەرزەکاران لە ئەنجامی زۆر دانیشتن و کەمی جوڵە و خواردنی ناتەندروست، هەروەها گرفتی تەندروستی بۆ چاوی بەکارهێنەر و ئازار لەناوچەکانی پشت، سەر و مل. (Hossain etal.,2021).

**3-پاشخانی تیۆری: تیۆرەکان گرنگن، لەبەرئەوەی ڕاڤەی بیروبۆچونە ئالۆزەکانی ژیانی تاکەکان دەکات. چەندین تیۆر هەیە فێربوونی ئۆنلاین شیدەکاتەوە. لەم توێژینەوەیەدا تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیمان بەکارهێناوە.**

**1-3.تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (Social Learning Theory):** ئەم تیۆرە بە تیۆری فێربوون بە مۆدێلکردن یان تیۆری تێبینی کردن و لاسایی کردنەوە ناسراوە، یەکێک لە گریمانەکانی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بەردەوام کارلێک لەگەڵ یەکتر دەکەن و کاریگەری لەسەر یەکتر دروست دەکەن، تاک دەتوانێت زۆر شێوازی ڕەفتار فێرببێت بە تێبینی کردنی ڕەفتاری ئەوانی تر (ابوغزال 122،2015).هەروەها دەروونناسی ئەمریکی جۆن دیوی (John Dewey) یەکەم کەس بووە کە زۆر گرنگی بە فێربووونداوە، پەروەردە و فێربوونی وابەستەی ژیانی کۆمەڵایەتی کردووە لە دوو ڕووەوە یەکەمیان لە ڕووی دەروونیەوەیە کە تاک دەگەیەنێت بە دووەم کە کۆمەڵایەتییە(عەزیز2017،149). دیوی هەمیشە ڕەخنەی لە پەروەردە و فێربوونی ئاسایی( کلاسیک)گرتووە، سەرەڕای ئەوەی کە زانایان زۆرن کە فێربوونی کۆمەڵایەتییان بەکارهێناوە، بەڵام ئەو زانایەی کە فێربوونی کۆمەڵایەتی وەک تیۆر ناساند زانای دەرونناسی کەنەدی- ئەمەریکی ئالبێرت باندۆرا بوو(Albert Bandura) (1925-2021)ئەم تیۆرەگەشەی کرد وەک بەر پەرچدانەوەیەک بۆ تیۆرەکانی ڕەفتارگەری (Behaviourism)کە پێیان وابوو فێربوون تەنیا لە ڕێگەی لاسایی کردنەوە و تێبینی کردنەوە دەبێت، بەڵکو تیۆرەکە پەرەی پێدرا کە تاک جگە لەو دوو پرۆسەیەی چەند پرۆسەیەکی تری گرنگ هەن کە کاریگەریان هەیە بۆ فێربوون ئەوانیش (بیرکردنەوە، پێشبینی کردن و هەڵسەنگاندن) ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە چۆنیەتی ڕەفتاری تاک (الجلاب 270،2016). باندۆرا پێی وایە کە فێربوون و ڕەفتار بەرهەمی کارلێکی نێوان تاک، ژینگە و ڕەفتارە. ئەم سێ فاکتەرە بەردەوام کاریگەری لەسەر یەکتر دەکەن واتە سێ هۆکار دەستنیشاندەکات کە ئەوانیش( تاک واتە هۆکارە ناوەکیەکانی خۆی وەک پاڵنەر و پێداویستی وەڵامدانەوە بە ڕەفتار، ژینگەی دەوروبەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتی (قەرەچەتانی 2008، 132).تیۆروانان پێیان وایە کە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی میدیا دەکات لە سەر ڕەفتاری تاک. مرۆڤ دەتوانێ بە تێبینی کردنی میدیا و بەکارهێنانی فێری ڕەفتاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوێ بێ، میدیا کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر تێگەیشتن لە پێشخستنی ڕەفتاری ئەرێنی یان نەرێنی تاک(Bandura 1986,7). بەم شێوەیە بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم تیۆرەش لەسەر ئەوە دامەزرا کە ئێمە لە ڕێگەی تێبینی کردن و لاسایی کردنەوەی ڕەفتاری کەسانی تر تێکەڵبوون و ئەزمونکردنی دەرئەنجامەکان بە ئەرێنی و نەرێنیەوە فێر دەبین، ئەم تیۆرە پاڵپشتی ئەوە دەکات کە تەنیا فێربوون لە ڕێگەی پاڵپشتی ڕاستەوخۆوە ڕونادات، بەڵکو بەشێوەی ناڕاستەوخۆش بە هۆی میدیاوە ڕوودەدات، تیۆری فێربوون پردێکە لە نێوان ڕەفتار و زانین، جەخت دەکاتە سەر گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتی دەرەکی وسەرنج دەداتە سەر پرۆسەکانی مێشک، گرنگی بە پەرەپێدانی تواناکانی پرۆسەی فێربوون دەدات بۆ فێرخوازان، هانی کارکردن بە شێوەی گروپ و چارەسەرکردنی کێشەکان دەدات، پشتگیری لە پرۆژە و ڕۆڵگێڕان دەکات، ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی بەختەوەری مرۆڤ بە هۆی پەیوەندیەکانیەتی لەگەڵ کەسانی تر. بەکارهێنانی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی باندۆرا لە شیکردنەوەی ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی فێربوونی ئۆنلاین، چوارچێوەیەکی تیۆری بەهێز پێشکەش دەکات. باندۆرا لە تیۆرەکەی خۆی گرنگی زۆری داوە بە میدیا وەک هۆکارێک بۆ گواستنەوەی فێربوون، دەتوانین لێرەدا باس لە ژینگەی دیجیتاڵی بکەین کە بەشێکی گرنگی میدیایە، باندۆرا جەخت لەسەر ڕۆڵی ژینگە لە فێربوون دەکاتەوە لە فێربوونی ئۆنلاین، ژینگەی فێربوون بە تەواوی دەگۆڕێت بۆ ژینگەیەکی دیجیتاڵی ئەمەش کاریگەری لەسەر چۆنیەتی کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نێوان قوتابیان و مامۆستایان هەیە. تیۆری باندۆرا باس لەوە دەکات کە زانیاری لە ڕێگەی پەیوەندی کۆمەڵایەتییەوە دەگوازرێتەوە لە فێربوونی ئۆنلاین، ئەم گواستنەوەیە لە ڕێگەی ئامێرە دیجیتاڵییەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ئەو ئامێرانە لە دونیای مۆدێرندا هۆکارێکن بۆ دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کە دەکرێت کاریگەری لەسەر چۆنیەتی وەرگرتن و تێگەیشتنی زانیاری هەبێت. ئامێرە دیجیتاڵیەکان هەمان ڕۆڵی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دەبینن، بەڵام بە شێوازێکی تر. ئەم تیۆرە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی گۆڕانی پرۆسەی فێربوونی کۆمەڵایەتی بەهۆی تێبینی کردن و لاساییکردنەوەی کەسانی تر بەتایبەت ئەم جۆری ڕەفتارە لەناو هەرزەکاران و قوتابیان زۆر بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت. لە ژینگەی دیجیتاڵ و ئەو ئالانگارییانەی کە قوتابیان ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە فێربوونی ئۆنلاین، ئەم تیۆرە گریمانەی زانستی گرنگ

پێشکەش دەکات بۆ دارشتنی پلانی کاریگەر بۆ باشترکردنی ئەزموونی فێربوونی و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییە کۆمەڵایەتییەکان.

## 4- میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆد (Method)ڕێگایەکە توێژەر دەیگرێتە بەر بۆ بەئەنجامگەیاندنی توێژینەوەی زانستی، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چەندایەتیمان بەکارهێناوە لە ڕێگای ئامرازی پرسیارنامە. توێژینەوەی چەندایەتی(Quantitative Researches) جۆرێکە لە توێژینەوەی زانستی کە گریمانەی بوونی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بە بێ بوونی لایەنگیری و هەست لە توێژینەوەدا پشت بە شێوازی ئاماری جیا جیا دەبەستێت لە کۆکردنەوە و شیکردنەوە لە بارەی دیاردەیەکی باوی ناو کۆمەڵگا، بە بەکارهێنانی ئامرازی پێوانەیی چەندایەتی کە لەسەر کۆمەڵگای توێژینەوەکە جێبەجێدەکرێت، بەهۆی داتای بەدەستهاتوو (قنديلجي 2018، 57 ).

کۆمەڵگای توێژینەوەکە، کۆمەڵگای توێژینەوەی هەر توێژینەوەیەک تەواوی ئەو کەسانەن کە توێژەر دەیەوێت ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی لێوە دەست کەوێت و بە سەریاندا بیگشتێنێت، بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە (ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی فێربوونی ئۆنلاین لەلای قوتابیانی ئامادەیی ) کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان بریتییە لە هەموو ئەو قوتابیانەی کە لە قۆناغی ئامادەیی قوتابخانە نێودەوڵەتییەکانی شاری هەولێر دەخوێنن لە قۆناغەکانی(10-11-12)ئامادەیی. هەروها، کۆمەڵگای توێژینەوە سنورداره و پێکهاتووە لە 1236 قوتابی لە 9 قوتابخانەی ئامادەیی نێودەوڵەتی لە شاری هەولێر، بۆیە جۆری نموونەی هەڵبژێردراو نموونەی هەڕەمەکی هێشوویە، چونکە قوتابخانەکان دابەشبوون بەسەر ناوچەیەکی بەرفراوانی جوگرافیدا، ئەم جۆرە نموونەیە باشتر نوێنەرایەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان دەکات (طباجة2007، 165) لە نموونەی هەڕەمەکی هێشوویدا توێژەر ناوچەکان بۆیەکەی سەرەتایی دابەش دەکات، لە نێوانیاندا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی نموونە و یەکەکانی ئەو نموونەیە بۆیەکەی بچوکتر دابەشدەکات(ئەبراش393،2013).

**1-4. گریمانەکانی توێژینەوەکە**: گریمانە بە خاڵی دەستپێک و سەرەتایی توێژینەوە زانستییەکان دادەنرێت، بەتایبەتیش لە توێژینەوە مەیدانییەکان، لەسەر ئەو بنەمایە گریمانەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

1- جیاوازی ئاست وشێوازەکانی فێربوونی ئۆنلاین کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر قوتابیان.

2- فێربوونی ئۆنلاین ئەوەندەی ئاکامی کۆمەڵایەتی ئەرێنی هەیە ئەوەندە نەرێنی نییە لەلای قوتابیان.

**2-4.ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری:** مەبەست لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ئەو ئامراز و کەرەستانەن کە توێژەر لە ڕێگەیەوە زانیاری تایبەت بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی لە نموونەی توێژینەوەکەی وەردەگرێت، بەڵام جۆری توێژینەوەکە دیاریدەکات کە چ جۆرە ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاری بەکاربهێنرێت نەک توێژەر خۆی بڕیاربدات، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریش جۆرا و جۆرن، بنەمای سەرەکین بۆ بە دەستهێنانی داتا و زانیارییەکانی توێژینەوە، لەم توێژینەوەیەدا ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری( فۆرمی پرسیارنامە)مان بەکارهێناوە تیایدا برگەکان لەسەر شێوەی پێوەری(چوارینەی لیکەرت)بەشیوەی( بەتەواوی لەگەڵیدام، لەگەڵیدام، لەگەڵیدانیم، بەتەواوی لەگەڵیدانیم) بە ئامانجی دەستکەوتنی زانیاری پێویست لە سەر نموونەی توێژینەوەکەمان دانراون، ئینجا بۆ دڵنیا بوون لە بەدیهێنانی مەرجە سایکۆمەترییەکان، هەردوو ئامرازی ڕاستێتی و جێگیری لەسەر جێبەجێ کراوە.

**1-2-4. ڕاستێتی ڕواڵەتی(Face Validity ):** لێرەدا توێژەر هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی پرسیارنامەیەک، دواتر بە مەبەستی هەڵسەنگاندن دەیدات بە چەند پسپۆڕێکی خاوەن ئەزموون و شارەزا ، بۆ ئەوەی بزانێت تا چ ڕادەیەک پرسیار و برگەکانی ناو پرسیارنامەکەی نوێنەرایەتی بابەت و ئامانجەکانی توێژینەوەکەی دەکات، سەرەتا فۆڕمەکە بەمەبەستی هەڵسەنگاندن بۆ (11) پسپۆڕ نێردرا، دوای لەبەرچاوگرتنی تێبینییەکان دەرکەوت ڕێژەی ڕاستێتی فۆڕم بریتییە لە(89.25%)،ئەمەش بە مانای گونجاوی و شیاوی فۆڕمەکە دێت بۆ بلاوکردنەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
